ئەپراسیۆنەکانی بەغدا داوایەک ئاراستەی خاوەن ئەتەمبەلەکانی گواستنەوەی تایبەت دەکات

ئەمە پێنجشەممە، ئەپراسیۆنەکانی بەغدا، داوایەکی ئاراستەی خاوەن ئەتەمبەلەکانی گواستنەوەی تایبەت کرد بە بەشداریکردن لە گەیاندنەوەی بەکەمەی زیارەتکارانی ئەربەعین.

لە ڕاگەیەندراوەکی فەرماندەییەکەدا هاتووە: "داوا لە خاوەن ئەتەمبەلەکانی گواستنەوەی تایبەت بە هەموو جۆرەکانیانەوە دەکەین هوو لە شاری کەربەلای پیرۆز بکەن، بە ئەوەی هاوشان لەگەڵ براکانیان لە هێزە ئەمنییەکان و فەرمانگە خزمەتگوزارییەکاندا بەشداری بکەن لە پشکشکردنی یارمەتی و ئاسانکاری بە پرسەی گەیاندنەوەی زیارەتکاران و گواستنەوەی ئەو زیارەتکارانەی کە مەراسیمی زیارەتکەیان تەواو کردووە لە (کەربەلای پیرۆزەوە بە پایتەخت)، ئەمەش بەهۆی ئەو قەرەباڵغییەی کە لە ئەنجامی کەبونەوەو زۆری ماتەمگێڕان بە چلەی ماتەمینیی ئیمام حوسێن 'سەلاوی خوای لێ بێت' دروست بووە."

هەروەها ڕایگەیاندووە کە ڕێگاکە لە (بەغدا - مەحمودیە - سەید عەبدوڵا - پردی فازیە - بە ئاراستەی شاری کەربەلای پیرۆز و بە پێچوانەشەوە) دەبێت.